المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# بەرکەوتنی گەنجان بە پلاتفۆرمی تیکتۆک و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەها کۆمەڵایەتیەکانیان

کاوە حسێن ڕەشید[1]، کاروان محمد حسن[2]

[1,2]بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: kawahussen@yahoo.com[1], karwan.hasan@univsul.edu.iq [2]

**پوختە:**

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە ناڕوونی بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوەکە بە پلاتفۆرمی تیکتۆک و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەها کۆمەڵایەتیەکانی گەنجانی شاری سلێمانی، بە ئامانجی زانینی قەبارە و ئاستی بەرکەوتن بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک و زانینی ئاستی گرنگیدان و کارلێککردن و متمانەبوونی سامپڵی توێژینەوەکە بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پلاتفۆرمی تیکتۆک. لەگەڵ زانینی پاڵنەر و پێداویستییەکانی بەرکەوتن بۆ پلاتفۆڕمی تیك تۆك لای سامپڵی توێژینەوەکە. توێژەر جۆری وەصفی و شێوازی میتودی ڕۆپێوی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە گەنجانی شاری سلێمانی و لەو کۆمەڵگەیەش توێژەر سامپڵی توێژینەوەکەی بریتیبوو لە (٢٥٠) کەس لە گەنجانی شاری سلێمانی، فۆڕمی ڕاپرسی وەك ڕاپێوینامە بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان، دوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە ڕاپێوینامە توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە لەشاری سلێمانی هەندێکجار و لەڕێی مۆبایلەوە ڕۆژانە دوو بۆ سێ کاتژمێر لە ئێوارناندا لەڕێی پارچە ڤیدیۆیەکانەوە بەرکەوتنیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک دەبێت. هەروەها ئاستی گرنگیدان و متمانەبوونی سامپڵی توێژینەوەکە بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو پلاتفۆرمی تیکتۆک زیاتر هەندێکجارە و ئاستی کارلێککردنی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلیمانی زۆرتر بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو پلاتفۆرمی تیکتۆک هەندێکجارە. سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی لە بەرکەوتنیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک زیاتر ئاگاداری ڕووداوە جۆراوجۆرەکان دەبن بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییە ویژدانییەکانیان.

**کلیلە وشە:** بەرکەوتن، گەنجان، پلاتفۆرمی تیکتۆک، ڕەنگدانەوە، بەها کۆمەڵایەتییەکان.

**الملخص:**

تتمثل المشكلة الرئيسية لهذه الدراسة في عدم وضوح تعرض عينة البحث لمنصة تيك توك وانعكاس ذلك على القيم الاجتماعية للشباب في السليمانية، وذلك بهدف تحديد حجم ومستوى التعرض لمنصة تيك توك. مع معرفة دوافع واحتياجات التعرض لمنصة تيك توك لدى عينة الدراسة. استخدم الباحث المنهج الوصفي والمسحي لتحقيق هدف البحث. مجتمع البحث هو شباب السليمانية وبلغت عينة الباحث (250) شابًا من شباب السليمانية، وقد تم استخدام استمارة الاستبيان كأداة لجمع البيانات والمعلومات، بعد الإجابة على أسئلة استمارة الاستبيان. وخلص الباحث إلى أن غالبية أفراد العينة في السليمانية يتعرضون لمنصة تيك توك أحيانًا ومن خلال الهواتف المحمولة يوميًا لمدة ساعتين إلى ثلاث ساعات مساءً من خلال مقاطع الفيديو. كما أن مستوى اهتمام وثقة عينة البحث بقضايا القيم الاجتماعية في منصة تيك توك أعلى أحيانًا، ومستوى تفاعل عينة البحث في محافظة السليمانية أعلى أحيانًا مع قضايا القيم الاجتماعية في منصة تيك توك، حيث إن عينة البحث في محافظة السليمانية أكثر وعيًا بالأحداث المختلفة لتلبية احتياجاتها الضميرية.

**الكلمات المفتاحية:** التعرض، الشباب، منصة تيك توك، التأمل، القيم الاجتماعية.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**Abstract:**

The main problem of this study is the unclear exposure of the research sample to TikTok platform and its reflection on the social values of young people in Sulaimani, in order to determine the size and level of exposure to TikTok platform. With knowledge of the motivations and needs of exposure to the TikTok platform among the study sample. The researcher used descriptive type and survey method to achieve the objective of the research. The research community is the youth of Sulaimani and the researcher's sample was (250) After answering the questions of the survey form, the researcher concluded that most of the sample in Sulaimani sometimes and through mobile phones They are exposed to TikTok for two to three hours a day in the evening through videos. Also, the level of attention and trust of the research sample to the issues related to social values in the TikTok platform is more sometimes and the level of interaction of the research sample in Sulaimani province is more sometimes to the issues related to social values in the TikTok platform. The sample in Sulaimani province is more aware of various events in order to meet their conscientious needs.

**Key words:** Exposure, youth, TikTok platform, reflection, social values.

## پێشەکی

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکێك لە دەرهاویشتەکانی خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت دادەنرێن، کە کات و شوێنیان کورت کردووەتەوە و دوورییەکانیان کەمکردووەتەوە، هەروەها ڕێگەیان بە تاك داوە ئاگاداری هەواڵ و زانیارییەکان بێت لە سەرانسەری جیهاندا، ئەمەش لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی ڤیدیۆ و وێنەوە لە ڕێگەی ماڵپەڕە جیاوازەکانەوە، وەك فەیسبووك، تویتەر، ئینستاگرام، واتسئاپ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر. پەرەسەندنە تەکنەلۆژییەکان لە بواری مۆبایلە زیرەکەکاندا یەک لەدوای یەک دێن، لەگەڵ ئەو ئەپڵیکەیشنە فرەئامانج و مەبەستانەی کە هاوڕێیان دەکەن، ڕەنگە دیارترینیان لەم دواییانەدا ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک بێت، کە گەشەیەکی گەورەی دروستکردووە بەهۆی ئەو کاریگەرییە بینراو و بیستراوانەی کە خستوویەتیەڕوو و سەرنجی ژمارەیەکی زۆر بەکارهێنەری ڕاکێشاوە، ئەو توێژەی ئەم ئەپڵیکەیشنە بەکاردەهێنن، کە سامپڵی توێژینەوەکەن، گرنگییەکی گەورەیان هەیە؛ چونکە هیوای چاکسازیی کۆمەڵگە و پێشەوایەتیکردنی، هەروەها چەسپاندنی بنەماکانی پێشکەوتن و گەشەپێدان، لەسەر ئەوان هەڵچنراوە، بەها کۆمەڵایەتییەکان یەکێکن لە گرنگترین ئەو لایەنانەی کە کاریگەریی گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکانیان لەسەرە، جیهانی گریمانەیی کە ئەپلیکەیشنی تیکتۆك دروستیکردووە، کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر ڕەفتار و کارلێکی گەنجان و چەندین ڕۆڵی لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا گۆڕیوە. هەر لەبەرئەوە ئەم بابەتەمان هەڵبژارد بۆ زانینی کاریگەریی ئەم ئەپلیکەیشنە لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان لە شاری سلێمانی.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**تەوەری یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە**

**باسی یەکەم: چەمکە بنەڕەتییەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە**

کێشەی توێژینەوە یەکێکە لەهەنگاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەی زانستی، کەتیایدا توێژەر هەر لەسەرەتاوە هەوڵدەدات بیرۆکەی توێژینەوە لەچوارچێوەی کێشەکەدا بخرێتەروو، هەر بۆیە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە ناڕوونی بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوەکە بە پلاتفۆرمی تیکتۆک و رەنگدانەوەی لەسەر بەها کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها لەپرسیاری سەرەکی کێشەی توێژینەوەکەوە، توێژەر ئەم پرسیارە لاوەکیانەی خوارەوە دەخاتەروو:

١. قەبارە و ئاستی بەرکەوتن بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک لای مشتەی توێژینەوەکە چەندە؟
٢. ئاستی گرنگیدان و کارلێکدرن و متمانەبوونی بەرتوێژان بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی سەر پلاتفۆرمی تیکتۆک چەندە ؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە**

**گرنگی زانستی:** ئەم توێژینەوەیە لەڕووی زانستیەوە گرنگیەکەی لەوەدایە کەدەبێتە یەکێک لە سەرچاوە نوێیەکان بە زمانی کوردی، کە هۆکار دەبێت لەدەوڵەمەندکردنی کتێبخانە و ناوەندە ئەکادیمیەکاندا.

**گرنگی پراکتیکی:** ئەو داتا و زانیاریانەی کە لە لایەنی پراکتیکی لە ڕێی مشتەی توێژینەوەکەوە دەستی توێژەر کەوتون، بەجۆرێک رەنگدانەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە لەرێی پلاتفۆرمی تیکتۆکەوە بە نەرێنی دەرکەوتون.

**گرنگی مرۆیی:** گرنگی مرۆیی ئەم توێژینەوەیە ڕەنگدانەوەی لە پراکتیککردنی بیرۆکەی توێژینەوەکەیە لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە**

١. زانینی قەبارە و ئاستی بەرکەوتن بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک لای مشتەی توێژینەوەکە.
٢. زانینی ئاستی گرنگیدان و کارلێککردن و ماتمانەبوونی گەنجان بەرتوێژان بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی سەر پلاتفۆرمی تیکتۆک.
٣. زانینی پاڵنەر و پێداویستییەکانی بەرکەوتن بۆ پلاتفۆرمی تیك تۆك لای سامپڵی توێژینەوەکە.

**چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە**

١. پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لەنێوان بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتییان هەیە.
٢. پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لەنێوان پاڵنەرەکانی بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک و تێربوونی پێداویستییەکانیان هەیە.

**پێنجەم: جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەصفییە چەندێتییەکانە و ئامانجی شیکردنەوەی دیاردەکانی پەیوەست بە بەرکەوتنی پلاتفۆرمی تیکتۆک و رەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی سامپڵی توێژینەوەکە، هەروەها توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە بۆ مشتەیەک لە سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی، چونکە ئەم میتۆدە گونجاوترینە بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بە کۆکردنەوەی زانیاری لە نمونەیەکی دیاریکراو.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**شەشەم: کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە.**

کۆمەڵگەی توێژینەوە: لە سامپڵی توێژینەوەکەی پارێزگای سلیمانی پێکدێت. مشتەی توێژینەوە: مشتەیکی ٢٥٠ کەسی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگیراوە بە بەکارهێنانی شێوازی ناهەڕەمەکی مەبەستدار کەبەرکەوتەی راستەقینەی پلاتفۆرمی تیکتۆکن بەپێی تایبەتمەندی دیمۆگرافیان.

**حەوتەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە**

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ئامرازی فۆرمی راپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری پەیوەست بە پرسیارو ئامانجەکانی توێژینەوەکەم، کەخۆی لە ٥ تەوەر و ٢٢ پرسیار و ٩٨ برگە پێکهاتوە.

**هەشتەم: راستی ئامرازی توێژینەوەکە**

توێژەر کاری لەسەر ڕاستی ڕواڵەت کردوە بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە، بەجۆرێك پاش گەڵاڵەکردنی فۆرمی ڕاپرسی ڕا بەشێوەی سەرەتایی، فۆرمەکە دراوەتە چەند پسپۆڕێك لەبواری ڕاگەیاندندا بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی وتۆمارکردنی تێبینیەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی کەهاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت= برگە ڕاستەکان/کۆی برگەکان×١٠٠ = ٩٦،٥%، کەئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ئامرازەکانی توێژینەوەکە.

**نۆیەم: جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە**

توێژەر بۆ جێگیری فۆرمی ڕاپرسی ڕا جێگیری ناوخۆیی بەکارهێناوە بۆ داتاکانی توێژینەوە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ئەلفاکرونباخ بۆ پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی کەلەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

**خشتەی (١) جێگیری توێژینەوە**

| ژمارەی برگەکان | پێوانەی جێگیری توێژینەوە |
| --- | --- |
| ٤٩ | ٠.٩١٧ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١) دەردەکەوێت کەجێگیری توێژینەوە بۆ پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی بریتیە لە (٠.٩١٧)، کەئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە.

**یانزەیەم: بوارەکانی توێژینەوەکە**

١. **بواری کات**: ماوەی پراکتیکی ئامرازی توێژینەوەکە دەگرێتەوە کەدەکەوێتە ماوەی نێوان (١-٣-٢٠٢٥ بۆ ١-٥-٢٠٢٥ ).
٢. **بواری شوێن**: پارێزگای (سلێمانی) دەگرێتەوە.
٣. **بواری مرۆیی**: (سامپڵی توێژینەوەکەی پارێزگای سلیمانی) دەگرێتەوە.
٤. **بواری بابەت**: (پلاتفۆرمی تیکتۆک و بەهای کۆمەڵایەتی) دەگرێتەوە.

**دوانزەیەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە**

١. **بەرکەوتن**: مەبەست لەبەرکەوتنی وەرگرە بە پەیامی ئامرازێکی میدیایی و دروستبوونی کاریگەری لەسەری بەشێوەیەکی ئاگادارانە، بە مەبەست یان بەبێ مەبەست، بەڵام تاکەکان جیاوازن لەرادەی بەرکەوتنیان بە ئامرازە میدیاییەکان بەهۆی جیاوازی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانیانەوە.
٢. **سامپڵی توێژینەوەکە**: توێژیکی گرنگی نێو کۆمەڵگەن کەخاوەن تایبەتمەندی و سیفات و توانا و کارایی تایبەتمەند بەخۆیانن و هەردەم وەک نەوەی پێشەنگ و خاوەن گۆرانکاری بۆ داهاتووی وڵات لێیان دەروانرێت.
٣. **پلاتفۆرمی تیکتۆک**: ئەپڵیکەیشنێکی نوێیە کەخزمەتگوزاری ڤیدیۆیی (تێکست ودەنگ ورەنگ) بۆ بەکارهێنەران فەراهەم دەکات و لەرێی ئەم خزمەتگوزارییەوە بەکارهێنەران کار وچالاکی ورووداو وهەواڵ وزانیاری وبابەتی هەمەجۆر بڵادەکەنەوە، هەروەها دەتوانن لایک و کۆمێنت و شەیربکەن لەسەر هەر بابەتێکی بڵاوکراوە.
٤. **ڕەنگدانەوە**: مەبەست لەو ڕەنگدانەوانەیە کەتیکتۆک دەتوانێت بیگێرێت لەگۆرانکاری لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی سامپڵی توێژینەوەکە لە پارێزگای سلێمانی جا ئەرێنی بێت یان نەرێنی.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**٥. بەها کۆمەڵایەتییەکان:** بریتییە لەو تایبەتمەندی و سیفەتە جۆراوجۆرانەی کە خوازراوی تاک و گروپەکانن و لایەنی رۆشنبیری دیاری دەکات بۆ پاراستنی سیستمی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا.

**باسی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

**١. توێژینەوەی (مستەفا و ئەوانی تر، ٢٠٢٣):** بەناونیشانی (رۆڵی تیکتۆک لەسەر رەفتارەی کۆمەڵایەتی سامپڵی توێژینەوەکە لەشاری سلێمانی). ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەو رۆڵەیە کە تیکتۆک دەتوانێت بیگێرێت لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی سامپڵی توێژینەوەکە لەشاری سلێمانی. ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەصفیەکانە وپشت بەمیتۆدی ڕوپێو دەبەستێت بەرێکاری راپرسی بۆ سامپڵێکی ناهەرەمەکی مەبەستدار لەسامپڵی توێژینەوەکە لەشاری سلێمانی کەژمارەیان (١٥٠) گەنجە، هەروەها لەتوێژینەوەکەدا ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتا وزانیاری پەیوەست بەئامانجی توێژینەوەکە. توێژەران لەم توێژینەوەیەدا گەشتونەتە چەند ئەنجامێک لەوانە: (ئاستی بەکارهێنانی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک بەرزە، ولەرۆژانەی بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشنانەدا یەکجار لەرۆژێکدا بەپلەی یەکەم دێت، هەروەها زۆرینەی زۆری سامپڵی توێژینەوەکە لەشاری سلێمانی لەبەکارهێنانی تیکتۆکدا گۆرانکاری لەرەفتاری کۆمەڵایەتیاندا ڕوودەدات، وپێیان وایە ڤیدیۆکانی ئەم ئەپڵیکەیشنە هۆکارە بۆ پیادەکردنی رەفتاری کۆمەڵایەتی نەرێنی).

**٢. توێژینەوەی (العنزي، 2019)** بەناونیشانی (العلاقة بين التعرض لتطبيق التيك توك و ادراك القيم الاجتماعية لدى المراهقين في المجتمع السعودي)، پێشکەش بە زانکۆی بن سویف کراوە. بە ئامانجی زانینی قەبارەی بەرکەوتەی هەرزەکاران لە بەکارهێنانی پلاتفۆرمی تیك تۆك و زانینی جۆری ئەو پارچە ڤیدیۆیانەی کەهەرزەکارانی سعودیە بەرکەوتەیان هەیە لەگەڵی لە پلاتفۆرمی تیکتۆك و ئاستی کارلیکی گەنجان بۆ ڤیدیۆکان، توێژینەوەیەکە لە جۆری وەصفی و شێوازی ڕوپێوییە لەرووی چەندێتی و چۆنیەتیی، بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکانی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە. سامپڵی توێژینەوەکەی بریتییە لە (300) کەس، ئەنجامی توێژینەوەکەش بریتییە لەوەی کە نەبوونی پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان قەبارەی بەرکەوتەی هەرزەکاران بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆك ڤیدیۆ بڵاوکراوەکان لەو پلاتفۆرمە، بەڵام بوونی پەیوەندی بەڵگەداری ئامارییی بەدیدەکرێت لە هەستکردنی هەرزەکاران بە سیستمی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە بەکارهێنانی پلاتفۆرمی تیکتۆك.

**٣. توێژینەوەی (Burns-Stanning, K. 2019):** بەناونیشانی (The Role of Youth Exposure to TikTok in Identity and Social Values Formation) پێشکەش بە زانکۆیەکی بەریتانی کراوە. توێژینەوەیەکی پەسنییە و پشتی بە ڕێبازی (وەصفی جۆری) بەستووە، بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکانی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە، بە ئامانجی گەیشتن بە زانینی ڕۆڵی بەرکەوتنی گەنجان لە بەکارهێنانی تیکتۆك و کاریگەریی لەسەر شوناس و بەها کۆمەڵایەتییەکانیان، سامپڵی توێژینەوەکە بریتیبوو لە (200) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پلاتفۆرمی تیکتۆك کاریگەریی لەسەر نەرێنی بەرێزی (67%) لەسەر شوناس و بەهای کۆمەڵایەتی دروست دەکات.

**باسی سێیەم: تیۆری بەکارهاتوو (بەکارهێنان و تێربوون)**

(ئەم تیۆرییە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە جەماوەرییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر و ڕێکخراو، پێیوایە جەماوەر چالاکە لە هەڵبژاردنی پەیام و ناوەڕۆکی ورد لە پەیوەندی جەماوەریدا یان تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، وەک کاردانەوەیەک بۆ بیرۆکەی کاریگەری زۆری تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و سۆشیال میدیا (ناصف، 1983، 245). تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن تیۆرێکە ڕۆڵی ڕاستەقینەی جەماوەر ڕوون دەکاتەوە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن، ئەمەش لە ڕێگەی سەیرکردنی جەماوەر وەک جەماوەرێکی چالاک، چالاکییەکەشی پێش و پاش و لەکاتی بەرکەوتن بە میدیایەکەدا دەبێت؛ جەماوەر پێش بەرکەوتن ئەو ناوەڕۆکە هەڵدەبژێرێت کە پێداویستییەکانی دابیندەکات و تێری دەکات، لەکاتی بەرکەوتنیشدا جەماوەر گرنگی بە پەیامە دیاریکراوەکان دەدات و هەستی پێدەکات و جیاوازی دەکات لە نێوان گرنگ و کەمگرنگ (بن سعود، 1999، 47).

ئەم تیۆرییە بۆ یەکەمجار لە کتێبی (بەکارهێنانی پەیوەندی جەماوەری) دا دەرکەوتووە، کە نووسەرەکەی (الباهو کاتزوجي بلوملر)لە ساڵی (١٩٧٤)، بیرۆکەی سەرەکی کتێبەکە لە دەوری ئەو ئەرکانەیە کە پەیوەندی جەماوەری و ناوەڕۆکەکەی ئەنجامی دەدەن لەلایەک و پاڵنەرەکانی تاک بۆ بەرکەوتنی پێیان (. دەرکەوتنی ڕاستەقینەی تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن لە ساڵی (١٩٤٤)دا بوو لە وتارێکدا کە لەلایەن کۆمەڵناس زانای ئەمریکی (هارزگ Harzg)ەوە نووسرابوو بە ناونیشانی (پاڵنەرەکانی گوێگرتن لە زنجیرە ڕۆژانەکان و تێرکردنەکانی) لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ سەد کەس لە گوێگرانی زنجیرە ڕۆژانەکەی ڕادیۆ، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە تێرکردنی سەرەکی هەیە بۆ گوێگرتن لەم جۆرە زنجیرانە، هەوڵە توێژینەوەییەکان لەم بوارە نوێیەدا بەردەوام بوون تا گەیشتنە ئاستێکی پێگەیشتوویی کە تیایدا توخمەکانی ئەم تیۆرییە نوێیە و ئامانج و گریمانەکانی ڕوون بوونەوە،

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

دواتر کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر پێشینەی توێژینەوەکانی پەیوەندی جەماوەری لە جیهاندا بۆ چەندین ساڵ (مراد، 2011، 144-145).

گریمانەی سەرەکی تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن ئەوەیە کە جەماوەر چالاکە، و بەکارهێنانی بۆ ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بەکارهێنانێکی ئاراستەکراوە بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی و ئەو ئامرازە هەڵدەبژێرێت کە ئەم پێداویستییانە تێر دەکات، لە نێوان جۆرەکانی ناوەڕۆکی پێشکەشکراو لە پەیوەندی جەماوەریدا، ئەو ناوەڕۆکە هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵیدا دەگونجێت. ئەم هەڵبژاردنە پشت بە هەندێک گۆڕاوی دیمۆگرافی دەبەستێت (شتلة و ئەوانی تر، 2015، 6). کە بڕیاری بەکارهێنانی ئامرازێکی دیاریکراو پەیوەستە بە ئامانجە دیاریکراوەکان کە تاکەکە هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئەم بەکارهێنانەوە بەدەستیان بهێنێت، هەروەها بڕیارێکە لەسەر بنەمای پاڵنەر و پێداویستییە تاکەکەسییەکان کە تاکەکە هاندەدەن بۆ وەڵامدانەوەی بە شێوەیەکی دیاریکراو. لەبەرئەوە جیاوازی ئەم پێداویستی و پاڵنەرانە دەبێتە هۆی جیاوازی لە ئامانجەکان و کاریگەریی لەسەر ئەوانی تر.

ئەم تیۆرە توانای ئەوەی هەیە کە توێژەر بگەیەنێتە تێگەیشتنێک لە گەنجان و ناسینەوەی ئاراستە و پێشینەکانی، سەرەڕای ئەوەی کە زۆرێک لە توێژەران کۆکن لەسەر ڕۆڵی کاریگەری تیۆریی بەکارهێنان و تێرکردن لە تەکنەلۆژیای نوێی پەیوەندیکردندا، ئەم تیۆرە پەردە لەسەر شێوازەکانی بەکارهێنانی ئەم ئەپلیکەیشنانە هەڵدەداتەوە کە پەیوەستن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەم تیۆرییە سودی بۆ توێژینەوەکە هەیە لە ناسینەوەی شێوازی بەکارهێنانی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ ئەپلیکەیشنی تیک تۆک، ئەمەش بەهۆی پێشینە و تێرکردنە بەدەستهاتووەکانەوە، پەیوەندی بە جۆری ناوەڕۆکی بەردەستەوە هەیە کە بەکارهێنەر دەیەوێت ببینێت، هەروەها ئەم تیۆرییە یارمەتیدەرە لە ناسینەوەی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ ئەپلیکەیشنی تیک تۆک لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، بەو پێیەی کە ئەپلیکەیشنێکی نوێیە لە لیستی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**تەوەری دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوەکە**

**باسی یەکەم: پلاتفۆرمی تیکتۆک**

**یەکەم: چەمکی تیك تۆك Tik Tok**

لە ئێستادا تۆڕە کۆمەڵایەتی تیک تۆک، بە میدیای کۆمەڵایەتی نوێ ناسراون، سەرەتا ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە کۆمەڵگەیەکی بچووك و سنووردار بوو، بەڵام زوو کاریگەری لەسەر بڕیار و کاردانەوەی ئەو کەسانە دروستکرد کە بە کاریان دەهێنا (امین، 2009، 511)، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای مۆدێرن بووەتە هۆی ئەوەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەك باشترین ڕێگا بۆ پەیوەندیکردن بەکاربهێنرێن، چونکە جیهان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕە تۆڕییەکان بەکاردەهێنێت، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵگەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتن کە دەیانەوێت لەگەڵ بەکارهێنەرانی تر لەبارەی بابەتە هاوبەشەکانەوە پەیوەندی بکەن (Osharive, 2015, 30). تۆری کۆمەڵایەتی تیکتۆك تۆرێکی ئەلکترۆنیە کە لە ماوەیەکی کەمدا بەراورد بە تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی تر توانی سەرنجی تاکەکان لە تەواوی جیهان و بە تایبەت چینی سامپڵی توێژینەوەکە بۆلای خۆی ڕاکێشێت کە زیاتر لەم تۆرەدا کورتە ڤیدیۆ و لایڤ دەکرێتەوە و چەند تایبەتمەندیەکی تری هەیە کە جیای دەکاتەوە لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە (Kumar, 2007, 43).

(Xiao, 2020) تیک تۆکی وەک ئەپلیکەیشنێکی کۆمەڵایەتی بۆ ڤیدیۆ کورتە داهێنەرانەکان کە میوزیکی لەگەڵدایە دەناسێنێت و سامپڵی توێژینەوەکە دەکاتە ئامانج لە ڕێگەی تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ کورتەکان کە ماوەیان 15 چرکەیە، و ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات ڤیدیۆ و میوزیکی دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن پێناسە کردووە ((Xiao, 2020, 43-47). هەروەها (Herrman, 2019) تیک تۆکی وەک ئەپلیکەیشنێک لە ڕێگەی مۆبایلە زیرەکەکانەوە کە تایبەتە بە تۆمارکردن و هاوبەشیکردنی ڤیدیۆکان لە نێوان بەکارهێنەراندا پێناسە دەکات. هەروەها (Christopher, 2019) تیک تۆکی وەک خزمەتگوزارییەکی هاوبەشیکردنی ڤیدیۆ کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات سەیری ڤیدیۆکانی بەکارهێنەرانی تر بکەن کە خۆیان دروستیان کردووە پێناسە دەکات.(Christopher, 2019, 3)

**دووەم: تایبەتمەندییەکانی تیك تۆك Tik Tok**

تایبەتمەندییەکانی ئەم ئەپلیکەیشنە ئەوەیە کە ڤیدیۆی سەرنجڕاکێش پێشکەش دەکات کە ماوەیان لە (١٥) چرکە تێپەڕ ناکات، لەگەڵ زیادکردنی میوزیک و هەندێک کاریگەری دەنگی سەرباری ستیکەرەکان کە بۆ ڕووی ڤیدیۆکان زیاد دەکرێن بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای وێنەگرتن کە لە ئەپلیکەیشنەکە و مۆبایلە زیرەکەکاندا بەردەستن، ئەم ڤیدیۆیانە بە ئاسانی لە شوێنە جیاوازەکان تۆمار دەکرێن و دەستبەجێ بەشدارییان پێدەکرێت بەبێ ئەوەی کات و ماندووبوونێکی زۆر ببەن (احمد، 2022، 43).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

تایبەتمەندی (فرەچەشنی ناوەرۆکی ڤیدیۆکان، ناوەرۆکی پەروەردەیی، ناوەرۆکی کات بەسەربردن، ناوەرۆکی ڕیکلامی، (Ling, 2020, 45) بەشێکی تری تایبەتمەندییەکانی تری تیک تۆکن.

**سێیەم: لایەنە ئەرێنییەکانی تیك تۆك Tik Tok**

١. **ئاسانی لە بەکارهێنان:** تیك تۆك بۆ ئەوە پەرەیان پێدراوە کە بەکارهێنانیان ئاسان بێت، و هەر بەکارهێنەرێک دەتوانێت بە ئاسانی مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تر و ئەپڵیکەیشتنی تیك تۆك بەکاربهێنێت، بەبێ گوێدانە جیاوازی تەمەن و ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووریی بەکارهێنەران (شمس الدين، 49،2013).

٢. **دروستکردنی ناوەڕۆک و ڤیدیۆی ئامانجدار:** ئەم ئەپڵیکەیشنە ڕێگە بە زۆرێک لە سامپڵی توێژینەوەکە دەدات خۆیان لە بواری داهێنان، نواندن، وێنەکێشان، خوێندنی قورئان، چێشتلێنان، جوانکاری و بوارەکانی دیکەدا دەربخەن.

٣. **کات بەسەربردن و خۆشی:** تیک تۆک بە تایبەتمەندی جوڵاندنی لێو لەگەڵ پارچە دەنگییەکاندا جیادەکرێتەوە، کە ڕێگە بە دووبارەکردنەوەی ڤیدیۆی کۆمیدی و گاڵتەئامێز لە پارچە فیلم، شانۆگەری، گاڵتە و هتد دەدات، لەگەڵ بوونی چیرۆکی کورت و سادە بۆ سامپڵی توێژینەوەکە و جۆرەها مۆسیقا.

٤. **ناسین و دروستکردنی هاوڕێیەتی:** ئەم ئەپڵیکەیشنە دەکرێت یارمەتی تاکەکان بدات لە دەرچوون لە تەنیایی و ناسینی هاوڕێی نوێ لە چین و توێژ و بوارە جیاوازەکاندا.

٥. **ئاسانی داگرتن و سەیرکردنی ڤیدیۆ:** ئەم ئەپڵیکەیشنە ڕووکارێکی بەکارهێنەری دۆستانەی هەیە کە داگرتن و سەیرکردنی ڤیدیۆکان چەند جارێک ئاسان دەکات تەنها بە کلیککردن لەسەر دوگمەی (دڵ) بۆ ئەوەی هەر کاتێک ویستت بگەڕێیتەوە سەیریان بیکەیتەوە.

٦. **فرەیی و جۆراوجۆری بەکارهێنەرەکانی:** ئەمەش وای لێدەکات ئەپڵیکەیشنێکی خۆشەویست بێت لەلای زۆربەی چین و توێژەکان، چونکە ڤیدیۆکان لە هەموو وڵاتانی جیهانەوە لە کلتور، دەرمان، زمان و ڕەنگە جیاوازەکاندا هەڵدەبژێرێت(سلمان و كاظم، 2024، 612).

**چوارەم: لایەنە نەرێنییەکانی تیك تۆك Tik Tok**

١. **ئالوودەبوون:** ئەمە لە زۆری ژمارەی ڤیدیۆ و پۆست و کۆمێنتە بەردەوام زیادبووەکاندا لە ئەپڵیکەیشنەکە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە، چ کوڕ بن یان کچ، هەستی پێدەکرێت، کە ئاماژەیە بۆ قەبارەی سەرسامییان بۆ دروستکردن و سەیرکردنی ڤیدیۆکان، تۆڕی کۆمەڵایەتی تیک تۆک ڕێگەیەکی کورتە بۆ ئەم بابەتە، هەستیاری بابەتە بلاوکراوەکان لەم تۆرەدا وایکردووە کە گەنجان لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ زیاتر لە جارێك بایەتە بلاوكراوەکان سەیری بکەنەوە، تا ئاستێك کە ئابودە بوون پێوەی (خراب، 2019، 455).

٢. **نامۆبوون:** ئەپڵیکەیشنی تیک تۆک ڕێگە بە گەڕان دەدات لە کاتی سەیرکردن یان گەڕان بەناو ڤیدیۆکاندا لە سەرانسەری جیهان، ئەمەش دەکرێت پاڵپشتی قبوڵکردنی سامپڵی توێژینەوەکە بکات بۆ مۆدێلی ڕۆژئاوا لە ژیاندا وەک مۆدێلێکی پێشکەوتوو، بە پێچەوانەی کلتوری خۆماڵی کە بووەتە خاوەنی بەها لاوازەکان کە ڕێگرن لە گەشەسەندن، لەبەرئەوە ئەم ئەپڵیکەیشنە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ تایبەتمەندی کلتوری سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتیز.

٣. **تاکگەرایی:** لە ڕێگەی سەرنجدان لە بەکارهێنانی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ ئەپڵیکەیشنی تیک تۆک، سەربەخۆییان لە بڕیاردان لە دیاریکردنی شێوازی ژیان هەست پێ دەکرێت، شێوەی دەرکەوتنیان لە ڤیدیۆکاندا ئاماژەیە بۆ نەبوونی بنەما خێزانییەکان یان هەر دەسەڵاتێکی کلتوری کە سنووری بیرکردنەوە و ڕەفتار و دەربڕینیان دیاری بکات (احمد، 2022، 41).

٤. **دابڕانی کۆمەڵایەتی:** بەشێوەیەکی گشتی گەنجان ئەپڵیکەیشنی تیک تۆک وەک جێگرەوەیەکی کات بەسەربردن دەبینن کە لە واقیعی ژیان و فشارەکانی دووریان دەخاتەوە، ئەمەش بەبێ هیچ سنوورێک بۆ سەیرکردن، تەنها بە چەند کلیکێکی سادە، دەتوانن ڤیدیۆی لاساییکردنەوە دروست بکەن کە هاوشێوەی دیمەن یان گۆرانییە بەناوبانگەکان بن و کاردانەوە و تێکەڵبوونی بەکارهێنەرانی دیکە ببینن، ئەم تەکنیکە سامپڵی توێژینەوەکە بەرەو دابڕان و دورەپەرێزی ڕادەکێشێت (خراب، 2019، 455).

٥. **لەدەستدانی بەها خێزانی و پەروەردەییەکان:** زۆربەی سامپڵی توێژینەوەکە لە ئەپڵیکەیشنی تیک تۆکدا بە شێوازێکی نامۆ دەردەکەون کە زۆر جیاوازە لە نەریت و کلتوری خۆی، بەبێ ئەوەی هەست بە شێوازی ڕووخسار و جلوبەرگی بکات سەیرە کە کچان بە جلوبەرگی خەوتن یان جلوبەرگی تەسک ببینیت کە سەما دەکەن لەگەڵ گۆرانی ڕاپ، کورانیش بە جلوبەرگی تەسک و ڕووتی و قژی سەیرەوە لەگەڵ دایکیاندا، لە جیاتی ئەوەی خۆی و کچەکەی بپارێزێت، ڕێگە دەدات ملیۆنان کەس سەیری بکەن (احمد، 2022، 41).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**باسی دووەم: بەها کۆمەڵایەتییەکان**

**یەکەم: چەمکی بەها کۆمەڵایەتییەکان**

بەها کۆمەڵایەتییەکان کارا و پێکهێنەری سەرەکی کەسایەتی مرۆڤن، سەرچاوەی ڕاستەقینەی هەموو ئەو هەست و سۆز و بیرۆکە و ئاوات و ئامانج و خولیایانەی کە لێی دەردەچن، پاشان قسە و کردار و دەستکەوتەکان، ئەوان پێکهێنەری ڕاستەقینەی کەسایەتی مرۆڤن کە لەوانی دیکە جیای دەکاتەوە. بەها کۆمەڵایەتییەکان بەرپرسن لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی کە جۆرەکانی باوەڕ کە کەسێک یان کۆمەڵەیەک یان کۆمەڵگەیەک هەڵیانگرتووە و گرنگی پێدەدەن و پابەندیتی، چونکە ئەوان فاکتەری دیارخەری ڕەفتارن، چ ڕاست بێت یان هەڵە، باش بێت یان خراپ، قبوڵکراو بێت یان ڕەتکراوە (الدبیب، 9،2008). (Narvaez, 2019) بەها کۆمەڵایەتییەکان پێناسە دەکات وەک تایبەتمەندییەکی هەستپێکردن - کرداریی ڕەفتار کە دەتوانێت بگۆڕێت بەپێی دۆخەکان، ژینگەی کۆمەڵایەتی، پەروەردەی کلتوری و تایبەتمەندییەکانی کەسێتی(Narvaez, 2019, 346) بەها کۆمەڵایەتییەکان پێناسە دەکرێن وەک گریمانە و کارەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی نائاگایانە کە لە ڕێگەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەوە ڕاست و هەڵە دیاری دەکرێت(Castaneda, 2012, 12). کەواتە دەتوانین بڵێین کە بەها کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان، کە کۆمەڵگە بە خوازراوی دەزانێت لەبەر ئەوەی ئەندامەکانی باوەڕیانوایە کە ڕۆڵ دەبینێت لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری مرۆڤ بەرەو شتەکان و ئامانجە خوازراوەکان کە لەگەڵ بنەما و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا دەگونجێت.

**دووەم: گرنگی بەها کۆمەڵایەتییەکان**

(استیتیە و سرحان، 2012) و (عتوم، 2019) باس لە گرنگی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەکەن بەوەی کە شرۆڤەکردنی ڕەفتار و پاڵنەرەکانە، چونکە بەها یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکان، کە تێگەیشتنمان بۆ کەسێتی مرۆڤ زیاد دەکات لە زانینی جیاوازییەکانی ڕەفتار و شرۆڤەکردنی. هەروەهابەها کۆمەڵایەتییەکان هەستێکی ئامانجدار بە تاکەکەس دەبەخشێت لەوەی کە ئەنجامی دەدات و ئاراستەی دەکات بۆ بەدیهێنانی و وا لە مرۆڤ دەکات بزانێت چی لە کەسانی دیکە چاوەڕوان دەکرێت و کاردانەوەکان چین. هەروەها بەها کۆمەڵایەتییەکان ڕێگەیەکە بۆ پێکهێنانی چوارچێوەی سەرنجدان بۆ تاکەکەس و تاکەکەس لە لادان دەپارێزێت، بەها کۆمەڵایەتییەکان کە تاکەکەس پەیڕەویان دەکات دەیپارێزن لە هەڵەکردن. هەروەها ڕۆڵ دەگێڕن لە چۆنیەتی هەڵبژاردنەکانی تاکەکەس؛ تاکەکەس زیاتر ئارەزووی ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری یان پیشەیی دەکات و ڕۆڵ دەگێڕن لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و بڕیاردان (استیتیە و سرحان، 2012، 300) و (عتوم، 2019، 224)

**سێیەم: تایبەتمەندی بەها کۆمەڵایەتییەکان**

لە تایبەتمەندێتییەکانی بەهای کۆمەڵایەتیی ( لێبوردەیی - ئیمان- پێشوازی دروست- شەرەف و کەرامەت- پەیوەندییە خێزانییەکان و سۆز). مرۆڤیش لەگەڵ پێشکەوتنی ژیاری خۆیدا، پێویستە لەسەر بنەمای فەرهەنگەزی و ئاینی و ئایدیۆلۆجی، پرنسیپی بەها کۆمەڵایەتییەکان پەیڕەو بکات، ئەم تێڕوانینەش بۆ مرۆڤبوون لە بەرنامەی هزری و ژیاندا بەرهەم دێت و لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەپێی لێکدانەوەی ( برودویل) ناوی دەنێین ( شێوازیاخود چەمکی ژیان) (المنجزة، 2007، 35). ئارنۆڵد توینبی، توێژینەوەیەکی قوڵی کردووە لەنێوان (گواستنەوەی هزر و تێگەیشتن لە هزرەکە)، ئەو ڕوونی دەکاتەوە دەڵێت" کاتێك کولتورەکان بەیەك دەگەن، ئەوا ئامرازە کانزاییەکانی وەکو ( ئامێر و کەرەستەی میکانیکی و تەکنۆلۆجیاکان) زۆر بەخێرایی و ئاسانی دەگوازرێنەوە، بەڵامرەگەزە نامادییەکانی وەکو (بەهاو بیروباوەڕی ڕۆحی و کولتوری و شێوازەکانی ژیان)، ئەمانە زیاتر بەرگریکارییان تووش دەبێت، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگاکان زیاتر شەفاف دەبن، بۆیەکتری، هەروەها چەندین کێشە لە وڵاتێکدا، چارەسەرەکەی لە وڵاتێکی تردا دەبینرێتەوە، بەڵام دەگمەنە بیرۆکە بەسودەکانی بواری سیاسییاخود کۆمەڵایەتی وڵاتێك لەوڵاتێکی تردا جێی خۆی بکاتەوە، یاخود بەهایەك جێی بەهایەکی تر بگرێتەوە. (المنجزة، 2007، 45).

لەناو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی بەهای مرۆییدا، پرۆسەی فێربوون، کە (زمان- ئامراز- پەیوەندییە مرۆییەکان- و هاوشێوەکانی) دەگرێتەوە. ئەم پێکهاتانە ئامرازێکن بۆ وێناکردن و فاکتەرێکی سەرەکین بۆ کارتێکردنی تاکێك بۆ ئەوی تر، یاخود تاك لەگەڵ ژینگەکەیدا. وەیان مرۆڤ و سروشت بەگشتی. نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئەم پێکهاتانە لەگەڵ پەرەسەندنی هزری مرۆڤدا، جێیان لەق بووە و کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی بەها کۆمەڵایەتییەکان بەجێدەهێڵن.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**باسی سێیەم: پلاتفۆڕمی تیك تۆك Tik Tok و بەها کۆمەڵایەتی**

زانایان و توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان هەیە، چ لە ئاستی تاکەکەسدا بێت یان لە ئاستی گرووپەکاندا، لە ئاستی بەها و چەمک و کولتوور و ڕەفتاری تاکەکەس، هەروەها کاریگەریی دەکاتە کاروباری سیاسی و ئابووری و هەموو بوارەکانی ژیان، بەڵام زانایان و توێژەران لە چەندین ڕووەوە لەسەر کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناکۆکن، چونکە ئەم کاریگەرییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە و لە دەزگایەکی ڕاگەیاندنەوە بۆ دەزگایەکی دیکە و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازییەکان، هەروەها هۆکارە ناڕاستەوخۆکان کە دەبنە هۆی جیاوازی لە کاریگەرییەکەدا، وەک ڕەگەز و تەمەن و ئاستی خوێندن و چڕیی بەرکەوتن تۆرە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازن.

بەرکەوتەی گەنجان بە بڵاوکراوە ڤیدیۆییە بەناوبانگەکانی ناو تۆری کۆمەڵایەتیتیک تۆک، بەشێوەیەکە کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە گۆڕینی بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی زۆرێک لە سامپڵی توێژینەوەکە لە سەرانسەری جیهاندا، ئەمەش لە ڕێگەی گواستنەوە و گەیاندنی گۆڕانکارییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان کۆمەڵگەکاندا بە شێوەی ڤیدیۆی کورت، بینراو و بیستراو، لە نێوان ملیۆنان گەنجدا، لەم ڕووەوە (تیک تۆک بە ئامرازێکی بەهێز دادەنرێت بۆ دەربڕینی خود بە شێوەیەکی بینراو و بیستراو، ئەمەش وایکردووە ببێتە یەکێک لە ئامرازە چالاکەکان لە بواری کرداری داهێنەرانەی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕی کولتووری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئەم کاریگەرییەی تیک تۆک لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان یان بە شێوەیەکی ئەنقەستە یان نا ئەنقەست ڕوودەدات، یەکێک لە بەرکەوتە کاریگەرییەکانی تیک تۆک لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە، بەشدارییەکانییەتی لە بواری پەروەردەیی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، کە بەشێکی زۆری ناوەڕۆکی ڤیدیۆکان لە تیک تۆکدا باسی فێرکردنی چەندین شارەزایی و تەکنیک دەکات کە ژیان باشتر دەکەن و شێوازی ژیان باشتر دەکەن(فتحي، 2021، 376).

یەکێك لە هۆکارە بەهێزەکانی ڕاکێشانی گەنجان بەرەو ناوەڕۆکی تۆری کۆمەڵایەتی تیك تۆك و زیاتر بەرکەوتنی گەنجان و کاریگەریی لەسەریان، زیادبوونی بڵاوبوونەوەی ئەپڵیکەیشنەکانی ڤیدیۆی کورت بوو لە تیک تۆک، (ئەم ئەپڵیکەیشنانە دەستیانکرد بە ڕاکێشانی سامپڵی توێژینەوەکەی زیاتر لە چین و پاشخانە کولتووری و کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانەوە، لەگەڵ ئالوودەبوون و بەدواداچوونی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ تیک تۆک، بڵاوکردنەوەی چەمک و باوەڕی هەڵە لە ڕێگەی ڤیدیۆکانەوە ئاسانتر بووە، ئەم بەرکەوتنەی گەنجان بە تیك تۆك کاریگەری لەسەر تەندروستی دەروونی و ڕۆحی سامپڵی توێژینەوەکە هەیە و سنووری کاریگەرییەکەی دەگاتە بەها کۆمەڵایەتییەکانیش، بەها کۆمەڵایەتییەکان بەرپرسن لە شێوەپێدانی نموونەکانی کاری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و هەڵبژاردنەکانی خەڵک، ئەوان کۆمەڵێک نەریت و بنەما کۆمەڵایەتییەکانن کە کۆمەڵێک خەڵک لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هاوبەشی پێدەکەن(Liqian, 2020, 14).

**تەوەری سێیەم: پراکتیکنامەی توێژینەوەکە**

توێژەر لەم بەشەدا ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، کەپێکدێت لەئاماژەدان بەتایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی، هەروەها خستنەرووی وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی پرسیارە سەرەکیەکانی ئامرازی توێژینەوەکە وتاقیکردنەوەی گریمانەکان.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**باسی یەکەم/ تایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوەکە**

**خشتەی (٢) تایبەتمەندیە دیموگرافیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی**

| تایبەتمەندی دیموگرافی | برگەکان | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | مێ | ١٠٣ | ٤١.٢ | ٢ |
| | نێر | ١٤٧ | ٥٨.٨ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٢٥٠ | %١٠٠ | |
| تەمەن | ١٨ــ ٢٢ ساڵ | ٨٦ | ٣٤.٤ | ١ |
| | ٢٣ ــ٢٧ ساڵ | ٦٥ | ٢٦ | ٢ |
| | ٢٨ــ ٣٣ ساڵ | ٥٦ | ٢٢.٤ | ٣ |
| | ٣٣ و زیاتر | ٤٣ | ١٧.٢ | ٤ |
| | کۆی گشتی | ٢٥٠ | %١٠٠ | |
| ئاستی خوێندن | بنەڕەتی | ٧٤ | ٢٩.٦ | ١ |
| | ئامادەیی | ٥٥ | ٢٢ | ٢ |
| | دبلۆم | ٤٤ | ١٧.٦ | ٣ |
| | بەکالۆریوس | ٣١ | ١٢.٤ | ٤ |
| | دبلۆمی باڵا | ٥ | ٢ | ٧ |
| | ماستەر | ٢٨ | ١١.٢ | ٥ |
| | دکتۆرا | ١٣ | ٥.٢ | ٦ |
| | کۆی گشتی | ٢٥٠ | %١٠٠ | |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | ١٥٧ | ٦٢.٨ | ١ |
| | خێزاندار | ٩٣ | ٣٧.٢ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٢٥٠ | %١٠٠ | |
| ئاستی ئابوری | باش | ٨٦ | ٣٤.٤ | ٢ |
| | مامناوەند | ١٢٢ | ٤٨.٨ | ١ |
| | لاواز | ٤٢ | ١٦.٨ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٢٥٠ | %١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢) دەردەکەوێت کەتایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوەکە لەرەگەزدا (نێر) و ولەتەمەندا (١٨-٢٢ ساڵ) ولەئاستی خوێندندا (بنەرەتی) ولەباری خێزانیدا (سەڵت) و لەئاستی داراییدا (مامناوەند) بەپلەی یەکەم دێن، ئەمەش رەنگدانەوەی رەوشی پراکتیکی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی دەخاتەروو.

**باسی دووەم/ وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی**

**خشتەی (٣) ئاستی بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوەکە بە پلاتفۆرمی تیکتۆک**

| برگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٨٧ | ٣٤.٨ | ٢ |
| هەندێکجار | ١٢٠ | ٤٨ | ١ |
| بەدەگمەن | ٤٣ | ١٧.٢ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٥٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣) دەردەکەوێت کەزۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی ئاستی بەرکەوتنیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک بەپلەی یەکەم هەندێکجار، هەروەها بەردەوام بەپلەی دووەم و بەدەگمەن بەپلەی سێیەم دێت، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەخاتەروو کەسامپڵی توێژینەوەکە بەئاستێکی بەرز بەرکەوتنیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک هەیە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:195-214

دیاریکراوەکانیان، بەو واتایەی ئەم پلاتفۆرمە نوێیە بەشێوەیەکی باش لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و لەرێیەوە ئاگاداری دوایین هەواڵ و زانیاری و رووداو و بابەت و کێشە و ململانێ جۆراوجۆرەکان دەبن.

**خشتەی (٤) سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی لەرێی ئەم ئامرازانەوە بەرکەوتەیان هەیە بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک**

| برگەکان | دوبارەبونەوە | رێژەی سەدی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| کۆمپیوتەر | ٤٤ | ١٧.٦ | ٣ |
| لاپتۆپ | ٥٥ | ٢٢ | ٢ |
| مۆبایل | ١٣٠ | ٥٣ | ١ |
| تابلێت | ٢١ | ٨.٤ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٢٥٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٤) دەردەکەوێت سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم بەرکەوتەیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک لەرێی مۆبایلەوەیە، بەپلەی دووەم لەرێی لاپتۆپەوە بەرکەوتەیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک هەیە، بەپلەی سێیەم بەرکەوتەیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک لەرێی کۆمپیوتەرەوەیە، بەپلەی چوارەم لەرێی تابلێتەوە بەرکەوتەیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک هەیە، ئەمەش تەواو رەنگدانەوەی واقعی بەردەست بوون و فەراهەمبوونی ئامێری مۆبایلە لەلایەن هاوڵاتیان بەگشتی و سامپڵی توێژینەوەکە بەتایبەتی کە رۆژانە بۆ بواری پەیوەندیکردن و میدیا بەکاری دەهێنن، بەو واتایەی لەگەڵ زۆری ئامێر و رێگاکانی بەرکەوتن بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک، بەڵام سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی زیاتر مۆبایل بەکاردەهێنن بۆ بەرکەوتەیان بەم پلاتفۆرمە نوێیە.

**خشتەی (٥) رۆژانەی بەرکەوتەی پلاتفۆرمی تیکتۆک لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە**

| برگەکان | دوبارەبونەوە | رێژەی سەدی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| ١ کاتژمێر | ٦٩ | ٢٧.٦ | ٢ |
| ٢-بۆ ٣ کاتژمێر | ١٢٤ | ٤٩.٦ | ١ |
| ٤ بۆ ٥ کاتژمێر | ٣٥ | ١٤ | ٣ |
| ٦ کاتژمێر و زیاتر | ٢٢ | ٨.٨ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٢٥٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٥) دەردەکەوێت سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی بەپلەی یەکەم رۆژانە دوو بۆ سێ کاتژمێر بەرکەوتەیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک هەیە، بەپلەی دووەم رۆژانە یەک کاتژمێر بەرکەوتەیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک هەیە، بەپلەی سێیەم رۆژانە چوار بۆ پێنج کاتژمێر بەرکەوتەیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک هەیە، بەپلەی چوارەم رۆژانە شەش کاتژمێر و زیاتر بەرکەوتەیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک هەیە، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنی سروشتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمی تیکتۆکە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە، بەو واتایەی هێشتا سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی ئارەزوو و پێداویستی رۆژانەیان کاتێکی گونجاویان تەرخان کردووە بۆ بەرکەوتەیان بە پلاتفۆرمی تیکتۆک.

**خشتەی (٦) کاتەکانی بەرکەوتنی پلاتفۆرمی تیکتۆک لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی**

| برگەکان | دوبارەبونەوە | رێژەی سەدی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەرەبەیان | ١٣ | ٥.٢ | ٥ |
| بەیانیان | ٥٨ | ٢٣.٢ | ٢ |
| نیوەڕوان | ٥٥ | ٢٢ | ٤ |
| ئێواران | ٦٨ | ٢٧.٢ | ١ |
| شەوان | ٥٦ | ٢٢.٤ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٥٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٦) دەردەکەوێت بەپلەی یەکەم کاتەکانی بەرکەوتنی پلاتفۆرمی تیکتۆک لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە ئێوارانە، بەپلەی دووەم کاتەکانی بەرکەوتنیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک بیانیانە، بەپلەی سێیەم کاتەکانی بەرکەوتنیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک شەوانە، بەپلەی چوارەم کاتەکانی بەرکەوتنیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک نیوەروانە، بەپلەی پێنجەم کاتەکانی بەرکەوتنیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک بەرەبەیانە، ئەمەش ئاماژەیەکی تەواو دروستی سروشتی پەیوەندیکردنی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

سلێمانی دەردەخات لەترخانکردنی کاتی گونجاو بۆ بەرکەوتن بەم پلاتفۆرمە نوێیە، بەو واتایەی ئێواران جیاوازی تایبەتی هەیە لای سامپڵی توێژینەوەکە بەبەراورد بەکاتەکانی دیکە بۆ بەرکەوتەی پلاتفۆرمی تیکتۆک.

**خشتەی (٧) سامپڵی توێژینەوەکە بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە بە دیارترین کەرەستە میدیاییە بڵاوکراوەکانی سەر پلاتفۆرمی تیکتۆک**

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| تێکست | ٣٥ | ١٤ | ٣ |
| وێنە | ٢٢ | ٨.٨ | ٤ |
| ڤیدیۆ | ١٢٤ | ٤٩.٦ | ١ |
| دەنگ | ٥٧ | ٢٢.٨ | ٢ |
| گرافیک | ١٢ | ٤.٨ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٢٥٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٧) دەردەکەوێت بەپلەی یەکەم بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە بە دیارترین کەرەستە میدیاییە بڵاوکراوەکانی سەر پلاتفۆرمی تیکتۆک ڤیدیۆیە، بەپلەی دووەم بەرکەوتەیان بە دیارترین کەرەستە میدیاییە بڵاوکراوەکانی سەر پلاتفۆرمی تیکتۆک دەنگە، بەپلەی سێیەم بەرکەوتەیان بە دیارترین کەرەستە میدیاییە بڵاوکراوەکانی سەر پلاتفۆرمی تیکتۆک تێکستە، بەپلەی چوارەم بەرکەوتەیان بە دیارترین کەرەستە میدیاییە بڵاوکراوەکانی سەر پلاتفۆرمی تیکتۆک وێنەیە، بەپلەی پێنجەم بەرکەوتەیان بە دیارترین کەرەستە میدیاییە بڵاوکراوەکانی سەر پلاتفۆرمی تیکتۆک گرافیکە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو راستییەی کە دیارترین و سەرەکیترین کەرەستەی میدیایی بڵاوکراوەی سەر ئەم پلاتفۆرمە نوێیە کە پارچە ڤیدیۆییەکانە رەنگدانەوەی زیاتری بەرکەوتەیان هەیە لای سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی، سەرەرای زۆری و جۆراوجۆری کەرەستە میدیاییە بڵاوکراوەکانی دیکە لەسەر خودی پلاتفۆرمەکە.

**خشتەی (٨) مێژووی بەرکەوتەی پلاتفۆرمی تیکتۆک لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی**

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| ١ ساڵ | ٤٦ | ١٨.٤ | ٣ |
| ٢ بۆ ٣ ساڵ | ٩٩ | ٣٩.٦ | ١ |
| ٤ بۆ ٥ ساڵ | ٧١ | ٢٨.٤ | ٢ |
| ٦ ساڵ و زیاتر | ٣٤ | ١٣.٦ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٢٥٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٨) دەردەکەوێت بەپلەی یەکەم مێژووی بەرکەوتەی پلاتفۆرمی تیکتۆک لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە ٢ بۆ ٣ ساڵە، بەپلەی دووەم مێژووی بەرکەوتەیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک ٤ بۆ ٥ ساڵە، بەپلەی سێیەم مێژووی بەرکەوتەیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک ١ ساڵە، بەپلەی چوارەم مێژووی بەرکەوتەیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک ٦ ساڵ و زیاترە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەخاتەروو کە سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی لەرووی مێژووی بەرکەوتەوە بۆ ئەم پلاتفۆرمە نوێیە مێژوویەکی گونجاو و هاوکاتە لەگەڵ نزیکی نیوەی تەمەنی پەیدابوونی خودی پلاتفۆرمەکە، بەو واتایەی سامپڵی توێژینەوەکە مێژوویەکی گونجاویان هەیە بۆ بەرکەوتەی پلاتفۆرمەکە.

**خشتەی (٩) دانانی وێنە و ناو لەسەر هەژماری پلاتفۆرمی تیکتۆک لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە**

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| وێنە و ناوی راستی | ١٨٧ | ٧٤.٨ | ١ |
| وێنە و ناوی خوازراو | ٦٣ | ٢٥.٢ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٢٥٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٩) دەردەکەوێت لە دانانی وێنە و ناو لەسەر هەژماری پلاتفۆرمی تیکتۆک لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی بەپلەی یەکەم وێنە و ناوی راستییە، بەپلەی دووەم وێنە و ناوی خوازراوە، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ ئەوەی لەگەڵ زاڵبوونی جیهانی گریمانەیی لەنێو پرۆگرام و تۆر و پلاتفۆرم و ئەپڵیکەیشنە نوێکاندا، بەڵام سامپڵی توێژینەوەکە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

زیاتر بەجیهانە ڕاستەقینەکە مامەڵە لەگەڵ ئەم پلاتفۆرمەدا دەکەن، بەو واتایەی سروشتی پلاتفۆرمەکە وایکردوە سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی بەزۆری بەوێنا ڕاستەقینەکەی خۆیان بەرکەوتەیان هەبێت بۆ خودی ئەم پلاتفۆرمانە.

**خشتەی (١٠) هۆکاری دانانی وێنە و ناوی ڕاستەقینەی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی لەسەر هەژماری پلاتفۆرمی تیکتۆک**

| برگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| بۆ خۆناساندنی ڕاستەوخۆ | ٤١ | ٢١.٩ | ٢ |
| ڕاستگۆیی لە هەژمارەکەم | ٢٨ | ١٥ | ٤ |
| لەبەرجوانیەکەم یان قۆزییەکەم | ٥٧ | ٣٠.٥ | ١ |
| بەدەستهێنانی شوێنکەوتوان | ٣٦ | ١٩.٢ | ٣ |
| جێگیرکردنی ناسنامەی خۆم | ٢٥ | ١٣.٤ | ٥ |
| کۆی گشتی | ١٨٧ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٠) دەردەکەوێت هۆکاری دانانی وێنە و ناوی ڕاستەقینەی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر هەژماری پلاتفۆرمی تیکتۆک بەپلەی یەکەم لەبەرجوانیان یان قۆزییانە، بەپلەی دووەم هۆکاری دانانی وێنە و ناوی ڕاستەقینەیان لەسەر هەژماری پلاتفۆرمی تیکتۆک بۆ خۆناساندنی ڕاستەوخۆیانە، بەپلەی سێیەم هۆکاری دانانی وێنە و ناوی ڕاستەقینەیان لەسەر هەژماری پلاتفۆرمی تیکتۆک بەدەستهێنانی شوێنکەوتوانیانە، بەپلەی چوارەم هۆکاری دانانی وێنە و ناوی ڕاستەقینەیان لەسەر هەژماری پلاتفۆرمی تیکتۆک لەبەر ڕاستگۆیی هەژمارەکانیانە، بەپلەی پێنجەم هۆکاری دانانی وێنە و ناوی ڕاستەقینەیان لەسەر هەژماری پلاتفۆرمی تیکتۆک لەبەر جێگیرکردنی ناسنامەیانە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەو ڕاستییەی کەخۆشەویستی خود و ڕوخسار و باوەربەخۆبوون هۆکاری سەرەکی دانانی وێنە و ناوی ڕاستەقینەی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی لەسەر هەژماری پلاتفۆرمی تیکتۆک، بەو واتایەی بەو پەڕی باوەڕەوە سامپڵی توێژینەوەکە مامەڵە لەگەڵ خودی پلاتفۆرمەکەدا دەکەن.

**خشتەی (١١) هۆکاری دانانی وێنە و ناوی خوازراوی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر هەژماری پلاتفۆرمی تیکتۆک**

| برگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| تا نەناسرێمەوە | ٢٥ | ٣٩.٧ | ١ |
| ترس لە شێواندن و بلاوبوونەوەی وێنەکەم | ١٣ | ٢٠.٦ | ٢ |
| بۆ ئازاد ڕادەربڕین | ٦ | ٩.٥ | ٥ |
| شاردنەوەی ناسنامەی خۆم | ٩ | ١٤.٣ | ٤ |
| لەبەر نەبوونی متمانە و مەبەستی تایبەت | ١٠ | ١٥.٩ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٦٣ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١١) دەردەکەوێت هۆکاری دانانی وێنە و ناوی خوازراوی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی لەسەر هەژماری پلاتفۆرمی تیکتۆک بەپلەی یەکەم لەبەر نەناسینەوەمیانە، بەپلەی دووەم هۆکاری دانانی وێنە و ناوی خوازراویان لەسەر هەژماری پلاتفۆرمی تیکتۆک بۆ مەترسیانە لەشێواندن و بڵاوکردنەوەی وێنەکانیان، بەپلەی سێیەم هۆکاری دانانی وێنە و ناوی خوازراویان لەسەر هەژماری پلاتفۆرمی تیکتۆک لەبەر نەبوونی متمانە و مەبەستی تایبەتیانە، بەپلەی چوارەم هۆکاری دانانی وێنە و ناوی خوازراویان لەسەر هەژماری پلاتفۆرمی تیکتۆک لەبەر شاردنەوەی ناسنامەکانیانە، بەپلەی پێنجەم هۆکاری دانانی وێنە و ناوی خوازراویان لەسەر هەژماری پلاتفۆرمی تیکتۆک لەبەر ئازادی ڕادەربڕینیانە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە لەکاتی زاڵبوونی جیهانی گریمانەیی لەسەر بەرکەوتوان هۆکار گەلێک هەن بۆ دانانی وێنە و ناوی خوازراو لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر هەژماری تایبەتیان لەسەر پلاتفۆرمی تیکتۆک، بەو واتایەی بەو پەڕی هەستیارییەوە سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی مامەڵە لەگەڵ خودی پلاتفۆرمەکەدا دەکەن.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص: 195-214

**خشتەی (١٢) پاڵنەرەکانی بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی بە پلاتفۆرمی تیکتۆک**

| برگەکان | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | | | |
| کاتبەسەربردن | ٩٠ | ٢٤.٣ | ١٣٩ | ١٥.٥ | ٢١ | ٩.١ | ٢.٢٨ | ٠.٦٠٨ | ١ |
| هەواڵ و زانیاری | ٧١ | ١٩.١ | ١٥٣ | ١٧ | ٢٦ | ١١.٣ | ٢.١٨ | ٠.٥٩٨ | ٢ |
| جیهانبینی و ڕۆشنبیری | ٥٨ | ١٥.٦ | ١٧٧ | ١٩.٧ | ١٥ | ٦.٥ | ٢.١٧ | ٠.٥١٣ | ٣ |
| بۆ دەربازبوون لە گرفتەکانی ڕۆژگار | ٤٣ | ١١.٦ | ١٥٦ | ١٧.٤ | ٥١ | ٢٢.١ | ١.٩٧ | ٠.٦١٤ | ٥ |
| فێربوون و فێرکردن | ٦٥ | ١٧.٥ | ١٤١ | ١٥.٧ | ٤٤ | ١٩ | ٢.٠٨ | ٠.٦٥٦ | ٤ |
| بۆ ئاگاداربوون لەرووداوە جۆراوجۆرەکان | ٤٤ | ١١.٩ | ١٣٢ | ١٤.٧ | ٧٤ | ٣٢ | ١.٨٨ | ٠.٦٧٨ | ٦ |
| کۆی گشتی[1] | ٣٧١ | ١٠٠ | ٨٩٨ | ١٠٠ | ٢٣١ | ١٠٠ | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٢) دەردەکەوێت پاڵنەرەکانی بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە بە پلاتفۆرمی تیکتوک بەپلەی یەکەم کاتبەسەربردنە بەنێوەندی ژمێرەیی (٢.٢٨) و لادانی پێوەری (٠.٦٧٨)، هەروەها هەواڵ و زانیاری بەپلەی دووەم دێت بەنێوەندی ژمێرەیی (٢.١٨) و لادانی پێوەری (٠.٥٩٨)، پاشان جیهانبینی و ڕۆشنبیری بەپلەی سێهەم دێت بەنێوەندی ژمێرەیی (٢.١٧) و لادانی پێوەری (٠.٥١٣)، هەروەها فێربوون و فێرکردن بەپلەی چوارەم دێت بەنێوەندی ژمێرەیی (٢.٠٨) و لادانی پێوەری (٠.٦٥٦)، دواتر بۆ دەربازبوون لە گرفتەکانی ڕۆژگار بەپلەی پێنجەم دێت بەنێوەندی ژمێرەیی (١.٩٧) و لادانی پێوەری (٠.٦١٤)، لەکۆتاییشدا بۆ ئاگاداربوون لەرووداوە جۆراوجۆرەکان بەپلەی شەشەم دێت بەنێوەندی ژمێرەیی (١.٨٨) و لادانی پێوەری (٠.٦٧٨)، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە کاتبەسەربردن پاڵنەرێکی سەرەکی و یەکەمی بەرکەوتنی گەنجانە لەپارێزگای سلێمانی بۆ پلاتفۆرمی تیکتوک بەهۆی ئەو کەرەستە میدیاییە جۆراوجۆرانەی کەبڵاوی دەکاتەوە.

**خشتەی (١٣) پێداویستییەکانی بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە بە پلاتفۆرمی تیکتۆک**

| برگەکان | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | | | |
| پێداویستییە مەعریفییەکان | ٥٣ | ١٩.٨ | ١٥٧ | ٢٢.٦ | ٤٠ | ١٣.٩ | ٢.٠٥ | ٠.٦٠٩ | ٢ |
| پێداویستییە سۆزدارییەکان | ٤٥ | ١٦.٩ | ١٤١ | ٢٠.٣ | ٦٤ | ٢٢.٣ | ١.٩٢ | ٠.٦٥٧ | ٤ |
| پێداویستییە ویژدانییەکان | ٣٤ | ١٢.٧ | ١٤٠ | ٢٠.١ | ٧٦ | ٢٦.٥ | ١.٨٣ | ٠.٦٤٣ | ٥ |
| پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان | ٧١ | ٢٦.٦ | ١٥٢ | ٢١.٨ | ٢٧ | ٩.٤ | ٢.١٨ | ٠.٦٠٢ | ١ |
| پێداویداویستییە دەروونییەکان | ٦٤ | ٢٤ | ١٠٦ | ١٥.٢ | ٨٠ | ٢٧.٩ | ١.٩٤ | ٠.٧٥٨ | ٣ |
| کۆی گشتی* | ٢٦٧ | ١٠٠ | ٦٩٦ | ١٠٠ | ٢٨٧ | ١٠٠ | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٣) دەردەکەوێت پێداویستییەکانی بەرکەوتەی گەنجان لەپارێزگای سلێمانی بە پلاتفۆرمی تیکتۆک بە پلەی یەکەم پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان دێت بە نێوەندی ژمێرەیی (٢.١٨) و لادانی پێوەری (٠.٦٠٢)، هەروەها بە پلەی دووەم پێداویستییە مەعریفییەکان دێت بە نێوەندی ژمێرەیی (٢.٠٥) و لادانی پێوەری (٠.٦٠٩)، پاشان بە پلەی سێهەم پێداویداویستییە دەروونییەکان دێت بە نێوەندی ژمێرەیی (١.٩٤) و لادانی پێوەری (٠.٧٥٨)، هەروەها بە پلەی چوارەم پێداویستییە سۆزدارییەکان دێت بە نێوەندی ژمێرەیی (١.٩٢) و لادانی پێوەری (٠.٦٥٧)، دواتر بە پلەی پێنجەم پێداویستییە ویژدانییەکان دێت بە نێوەندی ژمێرەیی (١.٨٣) و لادانی پێوەری (٠.٦٤٣)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی سامپڵی توێژینەوەکە بەهۆی بابەتی بڵاوکراوەی سەر

[1] سامپڵی توێژینەوەکە زیاد لەبژاردەیەکی وەڵام داوەتەوە.

* سامپڵی توێژینەوەکە زیاد لەبژاردەیەکی وەڵام داوەتەوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:195-214
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پلاتفۆرمی تیکتوک زیاتر لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەوڵیان داوە داواکاری و خواست و پێداویستییەکانیان پڕبکەنەوە بەراورد بە پێداویستییەکانی تر.

**خشتەی (١٤) بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پلاتفۆرمی تیکتۆک**

| پلاتفۆرمی تیکتوک / بەهای کۆمەڵایەتی | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | نیوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەری | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | | | |
| هاوسەرگیری | ١٨ | ٤.٣ | ١٩٣ | ١٢ | ٣٩ | ٨.٢ | ١.٩٢ | ٠.٤٧١ | ٧ |
| داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان | ٢٧ | ٦.٤ | ١٥٨ | ٩.٨ | ٦٥ | ١٣.٧ | ١.٨٥ | ٠.٥٨٨ | ٩ |
| توندوتیژی خێزانی | ٥٣ | ١٢.٦ | ١٥٢ | ٩.٥ | ٤٥ | ٩.٥ | ٢.٠٣ | ٠.٦٢٧ | ٣ |
| دەمارگیری کۆمەڵایەتی | ١٢ | ٢.٩ | ٢٠٤ | ١٢.٧ | ٣٤ | ٧.١ | ١.٩١ | ٠.٤٢١ | ٨ |
| جیابونەوە | ٦١ | ١٤.٥ | ١٣٢ | ٨.٢ | ٥٧ | ١٢ | ٢.٠٢ | ٠.٦٨٨ | ٤ |
| فرەژنی | ١٥ | ٣.٦ | ١٩٨ | ١٢.٣ | ٣٧ | ٧.٨ | ١.٩١ | ٠.٤٤٨ | ٨ |
| خیانەتی هاوسەرگیری | ٦٨ | ١٦.٢ | ١١٢ | ٧ | ٧٠ | ١٤.٧ | ١.٩٩ | ٠.٧٤٤ | ٥ |
| خۆشەویستی | ٧٩ | ١٨.٨ | ١٣٦ | ٨.٥ | ٣٥ | ٧.٤ | ٢.١٨ | ٠.٦٥٣ | ١ |
| پێگەی خێزانی | ٣٧ | ٨.٨ | ١٨٦ | ١١.٦ | ٢٧ | ٥.٧ | ٢.٠٤ | ٠.٥٠٥ | ٢ |
| پەروەردەی خێزانی | ٥٠ | ١١.٩ | ١٣٤ | ٨.٤ | ٦٦ | ١٣.٩ | ١.٩٤ | ٠.٦٨٠ | ٦ |
| کۆی گشتی* | ٤٢٠ | ١٠٠ | ١٦٠٥ | ١٠٠ | ٤٧٥ | ١٠٠ | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٤) دەردەکەوێت کە سامپڵی توێژینەوەکە بەرکەوتنیان بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پلاتفۆرمی تیکتوک بەپلەی یەکەم بۆ بابەتەکانی خۆشەویستی بووە بە نیوەندی ژمێرەیی (٢.١٨) ولادانی پیوەری (٠.٦٥٣)، بەپلەی دووەهەم بۆ بابەتەکانیی پێگەی خێزانی بووە بە نیوەندی ژمێرەیی (٢.٠٤) ولادانی پیوەری (٠.٥٠٥)، بەپلەی سێهەم بۆ بابەتەکانی توندوتیژی خێزانی بووە بە نیوەندی ژمێرەیی (٢.٠٣) ولادانی پیوەری (٠.٦٢٧)، بەپلەی چوارەهەم بۆ بابەتەکانی جیابوونەوە بووە بە نیوەندی ژمێرەیی (٢.٠٢) ولادانی پیوەری (٠.٦٨٨)، بەپلەی پێنجەهەم بۆ بابەتەکانی خیانەتی هاوسەرگیری بووە بە نیوەندی ژمێرەیی (١.٩٩) ولادانی پیوەری (٠.٧٤٤)، بەپلەی شەشەم بۆ بابەتەکانی پەروەردەی خێزانی بووە بە نیوەندی ژمێرەیی (١.٩٤) ولادانی پیوەری (٠.٦٨٠)، بەپلەی حەوتەم بۆ بابەتەکانی هاوسەرگیری بووە بە نیوەندی ژمێرەیی (١.٩٢) ولادانی پیوەری (٠.٤٧١)، بەپلەی هەشتەم بۆ بابەتەکانی دەمارگیری کۆمەڵایەتی و فرەژنی بووە بە نیوەندی ژمێرەیی (١.٩١) ولادانی پیوەری (٠.٤٢١/٠.٤٤٨)، بەپلەی نۆیەم بۆ بابەتەکانی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بووە بە نیوەندی ژمێرەیی (١.٨٥) ولادانی پیوەری (٠.٥٨٨)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەرکەوتنی گەنجان لەپارێزگای سلێمانی بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پلاتفۆرمی تیکتوک زیاتر بۆ بابەتەکانی خۆشەویستی بووە بەراورد بە بابەتەکانی تر.

**خشتەی (١٥) ئاستی گرنگیدانی سامپڵی توێژینەوەکە بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو پلاتفۆرمی تیکتۆک**

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٨٣ | ٣٣.٢ | ٢ |
| هەندێکجار | ١٢٤ | ٤٩.٦ | ١ |
| بەدەگمەن | ٤٣ | ١٧.٢ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٥٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٥) دەردەکەوێت کە ئاستی گرنگیدانی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو پلاتفۆرمی تیکتوک بەپلەی یەکەم هەندێکجار، هەروەها بەردەوام بەپلەی دووەم و بەدەگمەن بەپلەی سێیەم دێت، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەخاتەروو کەسامپڵی توێژینەوەکە بەئاستێکی بەرز بەرکەوتەیان بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو پلاتفۆرمی تیکتوک هەیە بەمەبەستی ئاگاداربوون لەبابەت و زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە پرسی

* سامپڵی توێژینەوەکە زیاد لەبژاردەیەکی وەڵام داوەتەوە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەهای کۆمەڵایەتی، بەجۆرێک ئەم پلاتفۆرمە نوێیە بە بەرزی ئاستی گرنگیدان لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی هۆکارە بۆ ئاگاداربوون لە گۆرانکارییە نویکانی بواری کۆمەڵایەتی جا لۆکاڵی بێت یان هەرێمی یان نێودەوڵەتی.

**خشتەی (١٦) ئاستی کارلێککردنی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلیمانی بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو پلاتفۆرمی تیکتۆک**

| بڕگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٦٠ | ٢٤ | ٢ |
| هەندێکجار | ١٣٤ | ٥٣.٦ | ١ |
| بەدەگمەن | ٥٦ | ٢٢.٤ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٥٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٦) دەردەکەوێت کە ئاستی کارلێککردنی سامپڵی توێژینەوەکە بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو پلاتفۆرمی تیکتۆک بەپلەی یەکەم هەندێکجار، هەروەها بەردەوام بەپلەی دووەم و بەدەگمەن بەپلەی سێیەم دێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کارایی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی لە بەرکەوتەیان بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو پلاتفۆرمی تیکتۆک بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گونجاو کارلێک لەگەڵ بابەت و زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە پرسی بەهای کۆمەڵایەتی بکەن، بەجۆرێک ئەم پلاتفۆرمە بە بەرزی ئاستی کارلێککردن لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە ڕێگە خۆشکەرە بۆ نزیکیان لە سروشتی پەیوەندیکردن و کارایی لەگەڵ بابەتەکانی بواری کۆمەڵایەتی.

**خشتەی (١٧) ئاستی متمانەبوونی سامپڵی توێژینەوەکە بەبابەتەکانی پەیوەست بەبەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو پلاتفۆرمی تیکتۆک**

| بڕگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٥١ | ٢٠.٤ | ٣ |
| هەندێکجار | ١٣١ | ٥٢.٤ | ١ |
| بەدەگمەن | ٦٨ | ٢٧.٢ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٢٥٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٧) دەردەکەوێت کە ئاستی متمانەبوونی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلیمانی بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو پلاتفۆرمی تیکتۆک بەپلەی یەکەم هەندێکجار، هەروەها بەدەگمەن بەپلەی دووەم و بەردەوام بەپلەی سێیەم دێت، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە سامپڵی توێژینەوەکە بە متمانەوە بەرکەوتە بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو پلاتفۆرمی تیکتۆک دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن ڕەنگدانەوەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا هەبێت سەبارەت بە پرسی بەهای کۆمەڵایەتی، واتە بەرزی ئاستی متمانەبوون بۆ ئەم پلاتفۆرمە نوێیە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی هاندەر دەبێت بۆ زیادبوونی ژمارەی بەرکەوتەی ئەم توێژە بە بابەتەکانی بواری کۆمەڵایەتی.

**خشتەی (١٨) پلاتفۆرمی تیکتۆک بۆتە هۆکاری گواستنەوەی بەهای کۆمەڵایەتی جیهانی نوێ بۆ نێو کۆمەڵگەی کوردی**

| بڕگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٣٦ | ١٤.٤ | ٣ |
| هەندێکجار | ١٣٠ | ٥٢ | ١ |
| بەدەگمەن | ٨٤ | ٣٣.٦ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٢٥٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٨) دەردەکەوێت کە سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم پێیان وایە هەندێکجار پلاتفۆرمی تیکتۆک هۆکارە بۆ گواستنەوەی بەهای کۆمەڵایەتی جیهانی نوێ بۆ نێو کۆمەڵگەی کوردی، هەروەها بەدەگمەن بەپلەی دووەم و بەردەوام بەپلەی سێیەم دێت، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە ئەم پلاتفۆرمە زۆر بە ئاسانی و خێرایی دەتوانن بەهای کۆمەڵایەتی جیهانی نوێ بۆ نێو کۆمەڵگەی کوردی بگوازێتەوە، کەبێگومان سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی ئەم درک پێکردنەیان نیشانەی کاردانەوەی بەشێکە لەو بەهایانە لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**باسی سێیەم: تاقیکردنەوەی گریمانەکان وشیکردنەوەیان**

**گریمانەی یەکەم:** پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لەنێوان بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتییان هەیە.

**خشتەی ژمارە (19) هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتییان هەیە**

| بەرکەوتن / بەهای کۆمەڵایەتی | هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان | نێوەندی ژمێریی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| پلاتفۆرمی تیکتۆک | ٠.٩٢٥ | ٣٦.٢٥ | ١١.٦٥ | ٠.٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٢٠) نیشان دەدات کەهاوکێشەی پەیوەستی لەنێوان بەرکەوتەی گەنجان لەپارێزگای سلێمانی بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتییان هەیە، بەبەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (٠.٩٢٥) وبەنێوەندی ژمێریی (٥٦.٤٤) ولادانی پێوەری (١١.٦٥) وبەهای ئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماری بوونی هەیە. لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی یەکەم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستیەی کەتاکو سامپڵی توێژینەوەکە زیاتر بەرکەوتنیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک هەبێت، ئەوا ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتییان زیاتر دەردەکەوێت.

**گریمانەی دووەم:** پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لەنێوان پاڵنەرەکانی بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک و تێربوونی پێداویستییەکانیان هەیە.

**خشتەی ژمارە (20) هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان پاڵنەرەکانی بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک و تێربوونی پێداویستییەکانیان هەیە**

| پاڵنەرەکان / پێداویستییەکان | هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان | نێوەندی ژمێریی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| پلاتفۆرمی تیکتۆک | ٠.٩٧٤ | ١١.٢٤ | ٣.١٩٥ | ٠.٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٢١) نیشان دەدات کەهاوکێشەی پەیوەستی لەنێوان پاڵنەرەکانی بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک و تێربوونی پێداویستییەکانیان هەیە، بەبەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (٠.٩٧٤) وبەنێوەندی ژمێریی (١١.٢٤) ولادانی پێوەری (٣.١٩٥) وبەهای ئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماری بوونی هەیە. لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی یەکەم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستیەی کەتاکو گەنجان لە پارێزگای سلێمانی زیاتر بەرکەوتنیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک هەبێت، ئەوا ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتییان زیاتر دەردەکەوێت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

### دەرەنجامەکان

1. زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی هەندێکجار و لەرێی مۆبایلەوە رۆژانە دوو بۆ سێ کاتژمێر لە ئێواراندا لەرێی پارچە ڤیدیۆیەکانەوە بەرکەوتنیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک دەبێت.
2. ئاستی گرنگیدانی سامپڵی توێژینەوەکە بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو پلاتفۆرمی تیکتۆک زیاتر هەندێکجارە.
3. ئاستی کارلێککردنی سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلیمانی زۆرتر بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو پلاتفۆرمی تیکتۆک هەندێکجارە.
4. ئاستی متمانەبوونی سامپڵی توێژینەوەکە بە بابەتەکانی پەیوەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو پلاتفۆرمی تیکتۆک زیاتر هەندێکجارە.
5. سامپڵی توێژینەوەکە لەپارێزگای سلێمانی لە بەرکەوتنیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک زیاتر ئاگاداری رووداوە جۆراوجۆرەکان دەبن بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییە ویژدانییەکانیان.
6. تاکو سامپڵی توێژینەوەکە لە پارێزگای سلێمانی زیاتر بەرکەوتنیان بۆ پلاتفۆرمی تیکتۆک هەبێت، ئەوا رەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتییان زیاتر دەردەکەوێت

### راسپاردەکان

1. توێژەر دەزگا و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان رادەسپێرێت بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی زیاتری تاک و گروپەکانی کۆمەڵگە سەبارەت بەکاردانەوەکانی بەرکەوتنی پلاتفۆرمی تیکتۆک لەسەر بەهاکان بەگشتی و بەها کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی.
2. توێژەر دەزگا و ناوەندە میدیاییەکان رادەسپێرێت بەمەبەستی مامەڵەکردنی هۆشیارانەی زیاتر دەربارەی بەکارهێنانی ئەم پلاتفۆرمە لەچۆنێتی هە"ڵبژاردنی بابەتەکان و بڵاوکردنەوەیان، بەجۆرێک بێت کاردانەوەکانی بەرکەوتنی پلاتفۆرمی تیکتۆک لەسەر بەهاکان بەگشتی و بەها کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی لەسەر تاک و گروپەکانی کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی ئەرێنی بێت زیاتر وەک لەوەی نەرێنی.

### پێشنیارەکان

1. توێژەر پێشنیار بۆ توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی دەکات کە لەداهاتودا گرنگی زیاتر بدەن بەتوێژینەوەی زانستی لەسەر پلاتفۆرمی تیکتۆک لەرەنگدانەوەی لەسەر رەهەندە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە.
2. توێژەر پێشنیار بۆ توێژەرانی بواری میدیا دەکات کە لەداهاتودا توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن لەسەر پلاتفۆرمی تیکتۆک لەرەنگدانەوەی لەسەر (ئاراستە، رەفتار، بۆچون) ی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سەرچاوەکان**

احمد، بوترية، 2022، تأثير تطبيق تيك توك على التحصيل الدراسي لدى المراهقين الجزائريين، دراسه استطلاعية على عينة من تلاميذ مستخدمي تطبيق تيك توك ثانوێة محمد بن يحي نمخوذجا، رسالة ماجستير، قسم اتصال، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، جامعة أكلي محند اولحاج – البويرة.
استيتيه، دلال ملحس و سرحان، عمر موسى، 2012، المشكلات الاجتماعية، دار وائل، عمان.
امين، رضا، 2009، استخدامات مواقع التواصل الاجتماعي لموقع يوتيوب على شبكة الانترنيت، ورقة بحثية قدمت الى المؤتمر الاول الاعلام الجديدة تكنلوجيا جديدة لعلم الجديد، الذي انعقد في جامعة البحرين في الفترة ما بين 7-9 ابريل، جامعة البحرين.
بن سعود، محمد، 1999، مقدمة في الاتصال السياسي، مكتبة العبيكات، رياض.
خراب، محمد زكريا، 2019، ثقافة استخدام واستهلاك الشباب الجزائري لتطبيق تيك توك، المجلة الجزائرية لبحوث الإعلام والرأي العام:، المجلد 2، العدد2.
الدبيب، ابراهيم رمضان، 2008، اسس و مهارات بناء القيم التربوية و تطبيقاتها في العملية التربوية، مؤسسة ام القرى للترجمة للنشر والتوزيع، مصر.
سلمان، محدم داود، كاظم، هنادي حكمت، 2024، استخدام طلبة الجامعة لموقع التيك توك و انعكاساته على القيم الاجتماعية، دراسة ميدانية على طلبة جامعة ديالى، رسالة منشورة في مجلة الجامعة العراقية، المجلد 65، العدد2.
شتلة، ممدوح السيد عبدالهادي، مرعي، حنان كامل حنفي، 2015، استخدام مواقع الشبكات الاجتماعية وعلاقته لمشاركة السياسية في ا لانتخابات الرئاسية المصرية، دورية إعلام الشرق الأوسط، مصر.
شمس الدين، فتحي، 2013، شبكات التواصل الاجتماعي والتحول الديموقراطي في مصر، دار النهضة العربية، القاهرة.
العتوم، عدنان يوسف، 2009، علم النفس الاجتماعي، اثراء للنشر، عمان.
العنزي، صالح بن زيد، 2019: العلاقة بين التعرض لتطبيق التيك توك و ادراك القيم الاجتماعية لدى المراهقين في المجتمع السعودي، دراسة ميدانية، رسالة ماجستير منشورة في مجلة المصرية لبحوث الاتصال الجماهيي، كلية الاعلام، جامعة بن سويف.
فتحي، مها محمد، 2021، تأثير الشباب لفيديوهات التيك توك عبر هواتفهم الذكية على ادراكهم للقيم الاجتماعية في المجتمع، مجلد20، العدد3.
مراد، كامل خورشيد، 2011، الاتصال الجماهيري والإعلام ( التطور، الخصائص، النظريات)، درا المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.
مستەفا، ڕێبەر گۆران و حسن، نەبەز احمد و رشيد، دەشتی علی، 2023، "ڕۆڵی تیکتۆک لەسەر ڕەفتارەی کۆمەڵایەتی سامپڵی توێژینەوەکە لەشاری سلێمانی"، گۆڤاری زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بۆ زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٤، ژمارە ٢.
المنجزة، المهدي، 2007، قيمة القيم، المركز الثقافي العربي، الطبعة الثانية، الدار البيضاء- المغرب.
ناصف، مصطفى، 1983،، نظريات التعلم. دراسة مقارنة، عالم المعرفة، الأردن.

Castaneda, Laura. (2012). Preview: High school journalism--'We're trying to inspire folks to believe again'. Columbia Journalism Review, Vol. 39 (6).
Christopher, C. (2019) "The TikTok Effect: How TikTok Has Provided New Ways to Consume, Create, and Share Music." The International Journal of Arts Education. 8.
Herrman, J. (2019). How TikTok is rewriting the world: TikTok will change the way your social media works—even if you're avoiding it. The New York Times. https://www.nytimes.com/2019/03/10/style/what-is-tik-tok.html.
Kumar, Roy, 2007, Internet Uses and Gratifications Structure, ICFA JOURNAL of Management Research, VOL, 6, ISSUE 12.
Liqian, H. (2020). Study On The Youth Perception of TIK TOK and Effects on Their Social Values, MA Thesis, Bangkok University: Thailand.
Narvaez, D.,(2019). Moral development and moral values: evolutionary and neurobiological influences. In: McAdams, D.P., Shiner, R.L., Tackett, J.L. (Eds.), Handbook of Personality. Guilford, New York, NY.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

Burns-Stanning, K. (2019). The Role of Youth Exposure to TikTok in Identity and Social Values Formation, Creative Commons International Conference, UK.Osharive, P. 2015. Social media and academic performance of students. Nigeria: University of Lagos Press.

Xiao, Y. (2020). Study on the marketing strategy of Tik Tok application. News Study Press, 18 (02.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)